### سۆزی دڵشاد یاریزانی پاسکیل سواریی سلێمانی:

# گەشبینم به ئاییندەی وەرزش لە کوردستان

**شاری سلێمانی خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە یاریی پاسکیل سواری و یارییە سیانیەکان کە دەتوانن لە پاشەڕۆژی یارییەکە ئەنجامیان بەرچاو بێت، یەکێک لەم یاریزانانەش کچە یاریزانی بەتوانا سۆزی دڵشادە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری سلێمانییە و ماوەی چەندە ساڵێکە لە ریزی یانەی نەورۆز یاری دەکات و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و عەرەب ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

*** چۆن شەیدای وەرزشکردن بوویت؟**

- مـــن هەر لە منداڵییەوە حـــەز و ئارەزووی زۆرم هەبووە بۆیاریی پاســکیل ســواری و بەردەوام ئەم وەرزشەم کردووە لە نێو کۆڵانەکان، بۆیـــە توانیم خۆم لەگەڵ وەرزش ڕابێنم بەتەواوی.

*** بۆچی یاریی پاسکیل سواریت هەڵبژارد، کە تۆ یاریی سیانیشت کردووە؟**

- پاســکیل ســواری خەونی منداڵیم بـــووە بۆیە زۆر بە ئاســانی و بە هیممەتی خۆم و هەوڵی بەردەوام توانیم ببمە یاریزانی پاسکیل سواری.

*** وەرزش کـــردن چـــی پێبەخشـــیویت و چـــی لـــێ سەندوویت؟**

-وەرزش زۆر شـــتی پێ بەخشـــیوم وەکو خۆشەویســـتی ڕادەبەدەرم لە وەرزش کردن بینیوە، وەکو لێستاندنەوەش هیچ شتێکی لێ نەستاندومەتەوە.

*** ئەگەر وەرزشـــوان نەبوایتە حـــەزت دەکرد چ کارێکی دیکە ئەنجام بدەیت؟**

- ئەگەر من ئێستا وەزرشکار نەبوومایە،حەزم دەکرد کاری ڕاگەیاندن بکەم، بەڵام بەسەرکەوتوویی.

*** بەوەرزشی ئێستا گەشبینی بۆئایندەی کوردستان؟**

-بەڵێ گەشـــبینم بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی پێ بدەن، لەئێستاشدا گرنگی هەیە بۆوەرزش کردن بە گشتی لەلایەن یانەکان و حکومەتەوەش بۆیە پێویســـتمان بە پشـــتگیریی زیاترە.

*** کێشـــەکانی وەرزشـــی پاســـکیل ســـواری لە چیدا دەبینیت؟**

- کێشـــەی زۆری هەیە یاریی پاسکیل سواری وەکو لە رووی ئابـــووری لە یانەکانـــەوە کەمتەرخەمییش دەکرێت، گرنگی دانی زۆر بە پاســـکیل سواری یارییەکە بەرەو پێش دەبات.بـــەڵام وەکو یانەکەی خۆم خزمەتی زۆرمان دەکەن و هەموو پێداویستیەکانی بۆدابین کردوین.

*** گەشـــبینی بە ئاســـتی وەرزشی پاســـکیل سواری کوردستان بەتایبەتی شاری سلێمانی؟**

- نەخێر بەهیچ شـــێوەیەك گەشبین نیم چونکە بەڕاستی ئاستی یارییەکە باشە بەڵام زۆر باشیش نییە بە شێوەیەکی بەرچاو،چونکە یاریزانەکانمان ژمارەیان کەم بۆتەوە، بەڵام لە شـــاری سلێمانیش لە چاو شارەکانی دیکە ئاستی باشترە و تیپی باشتری هەیە لە دوای ئەویش یانەی نەجەف دێت.

*** بەرنامەت چییە بۆ خۆت وەکو یاریزانێك؟**

- بەردەوام لە خۆئامادەکردنم بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بۆئەوەی بتوانم ئاســـتێکی بەرز پێشکەش بکەم و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم.

*** هیچ یانەیەك داوای لێ نەکردوویت بۆیاری کردن؟**

- بەڵـــێ چەندین یانە هەیە کە داوای ئەوەی لێ کردووم یاریی بۆ بکەم، بەڵام من حەز ناکەم ریزی یانەکە بەجێبهێڵم و لەم یانەیە زۆر شـــت فێربووم و لەوێ دەســـتم بە بەدەست هێنانی ئەنجامی باش کرد.

*** ئەگـــەر چەپکە گوڵێکـــت پێبێت پێشکەشـــی کێی دەکەیت؟**

- پێشکەشـــی دایك و باوك و خانەوادەکەمی دەکەم، ئەوان هۆکارن بۆئەوەی من بتوانم بەردەوام بم لە وەرزش کردن.

*** جگە لە پاســـکیل سواری چ وەرزشێکی دیکە ئەنجام دەدەیت؟**

- بەڵێ وەرزشی پاسکیل سواری و یاری سیانیشم کردووە کە پێکهاتووە لە یارییەکانی ڕاکردن و مەلەوانی و پاسکیل سواری.



دیمانە: کارزان کانەبی



*** هیوات چییە لە وەرزش کردن؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە چونکە من دوو یاری ئەنجام دەدەم.لە ئاسیاش ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم.

*** باشترین ئەنجام و دەستکەوتە ورەزشییەکانت چین؟**

- چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە لە هەردوو یاریی پاسکیل سواری و یارییە سیانییەکان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان.

*** چۆن لە یەك کاتدا وەرزش و خوێندن ئەنجام دەدەیت؟**

- من کاتەکانی خۆم دابەشکردووە، کاتی مەشقەکان و یاری کردنم جیا کردۆتەوە کاتم بۆ هەردوو لایەن تەرخان کردوە.

*** پەیامی تۆ چییە بۆ ئافرەتانی وەرزشکارو ئەوانەی وەرزش ناکەن؟**

- هیوادارم هەموو یانەکان ئەوانەی کە دەیانەوێ وەرزش پێش بخەن یارمەتی یاریزانانی ئافرەت بدەن، ئەوانیش بە زووترین کات پەیوەندی بە وەرزش کردنەوە بکەن، چونکە وەزرش پەیامێکی پاك و هاورێیان بە وەرزش لێکتر زیاتر تێ دەگەن.

*** لە وەرزش کردن هیوات چییە؟**

- هیوام ئەوەیە لە وەرزش کردن زیاتر دەرکەوم،خاون ئاستێکی بەرز بم تاوەکو خەڵك و خانەوادەکەم شانازیم پێوە بکەن.

***بۆداهاتووی خۆت حەزت لێیە لە دوای واز هێنانت لە وەرزش کردن روو لە چی بکەی؟**

- دوای وازهێنان لە وەرزش کردن لە کۆلیژێکی باش درێژە بەخوێندن بدەم، یان وەکو پارێزەر یان ڕاگەیاندکار خزمەت بە نیشتمانەکەم بکەم.



# بەنرخترین پێکهاتەی جیهان لە یاریی تۆپی پێ

سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی تۆپی پێ لەوڵاتی سویسرا راپۆرتێکی بڵاوکــردەوە و تیایدا بەنرخترین پێکهاتــەی تۆپی پێی لەجیهان دەست نیشانکرد، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە کە یاریزانەکان بە پێی ئاســت و نرخی ئێســتایان لەبازاڕ دەست نیشانکراون، نرخی ئەم پێکهاتەیەش دەگاتە ٥٦٤,١٥ ملیۆن یۆرۆ، لەنێو یاریزانەکانیــش نرخی یاریــزان لیۆنیل میسی لەهەموو یاریزانەکان بەرزترە، ئەمەش بەنرختریــن پێکهاتەیە لەجیهان:

گۆڵچی : دێڤید دی خیا (مانچســتەر یونایتد) نرخی ئێستای ٢٢,١٩ ملیۆن یۆرۆ

بەرگری : فیلیپ لام (بایرەن میونیخ) نرخی ئێستای ١٧,٦٨ ملیۆن یۆرۆ

ســێرجیۆ رامۆس (ریال مەدرید) نرخی ئێستای ٣٥,١٩ ملیۆن یۆرۆ

جیرارد پیکێ (بەرشلۆنە) نرخی ئێستای ٢٩,٠٧ ملیۆن یۆرۆ

خۆردی ئەلبا (بەرشلۆنە) نرخی ئێستای ٢١,٥٩ ملیۆن یۆرۆ

ناوەڕاســت : سێرجیۆ بۆسکێتس (بەرشــلۆنە) نرخی ئێستای ٣٣,٠٧ ملیۆن یۆرۆ

ئەدین هازارد (چێلسی) نرخی ئێستای ٤٧,١٨ ملیۆن یۆرۆ

گاریس بیل (تۆتنهام) نرخی ئێستای ٣٦,٩٨ ملیۆن یۆرۆ

هێرشبەران : ئەدینسۆن کاڤانی (ناپۆلی) نرخی ئێستای ٤٩,٥٦ ملیۆن یۆرۆ

کریســتیانۆ رۆنالدۆ (ریال مەدرید) نرخی ئێســتای ٨٦,٨٧ ملیۆن یۆرۆ

لیۆنیل میســی (بەرشلۆنە) نرخی ئێســتای ١٨٤,٧٩ ملیۆن یۆرۆ



# پاڵەوانییەتی رۆلان گارۆس ...

لەشــاری پاریس یارییەکانی پاڵەوانییەتی رۆلان گارۆس لەیاریی تێنســی سەر زەوی کۆتایی هات کە دووەم پاڵەوانییەتییە لەزنجیرەکانی گراندســلام، پاڵەوانییەتی رۆلان گارۆس لەسەر یاریگا لمییەکان ئەنجام دەدرێت، هەردوو یاریزانی ئیسپانی بەناوبانگ رافایل نادال و کچەیاریزانی ئەمریکی سیرینا ولیامز نازناوەکەیان لەسەر ئاستی هەردوو رەگەز بەدەست هێنا .لەیاریی کۆتایی پیاواندا، یاریزانی ئیســپانی رافایل نادال رووبەڕووی هاووڵاتییەکەی خۆی دێڤید فیرەر بۆوە و بووە یەکەم یاریزان لە مێژوودا هەشــت جار لە پاڵەوانێتییەکەی گراندســلام دەبێتە پاڵەوان، نادال لەیاریی کۆتاییدا زۆر بەئاســانی و بەئەنجامی ســێ کۆمەڵەی بــێ بەرامبەر لە یاریزان فیــرەری بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵــەکان (٦*٣، ٦*٢، ٦*٣) بوو، یارییەکەش زیاتر لەدوو کاتژمێری خایاند، نادال لەماوەی ٩ ســاڵی رابردوو هەشــت جار بۆتە پاڵەوان لەســاڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ و

# نرخی هیگواین ٣٠ ملیۆن یۆرۆیە



سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی فلۆرەنتینۆ پیریز رایگەیاند یانەکەی دەستبەرداری یاریزانی ئەرژەنتینی گۆنزالۆ هیگواین نابێت بە کەمتر لەنرخی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان رایانگەیاند راهێنەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی ئارسن ڤینگەر لەهەوڵەکانی بەردەوامە بۆ هێنانی یاریزان هیگواین بۆ ریزی یانەکەی و بۆ ئەم مەبەستە یانەی ئەرسنال بڕی ٢٤ ملیۆن یۆرۆی تەرخانکردووە بەڵام یانەی ریال مەدرید بەم نرخە رازی نییە .

لەلایەکی دیکەوە لێپرسراوانی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی لەگەڵ لێپرسراوانی یانەی ریال مەدرید کۆبوونەوە سەبارەت بەگواستنەوەی هیگواین بۆ یانەی خانمە پیرەکە، یانەی یۆڤانتس ئامادەیە بڕی ٢٢ ملیۆن یۆرۆ بداتە یانەی ریال مەدرید، بەڵام یانەی ریال بەم بڕە رازی نەبووە و داوای بەرزکردنەوەی نرخەکە دەکەن .

شایانی باسە لەکۆتایی یارییەکانی خولی ئیسپانیا هیگواین رایگەیاندبوو کە بڕیاری رۆیشتنی داوە و ئەم لێدوانەش بووە هۆکاری تووڕەبوونی لێپرسراوانی یانەی ریال مەدرید .



# نادال و سیرینا نازناوەکەیان بەدەست هێنا

٢٠١٣، نادال لەیاریگاکانی رۆلان گارۆس ٦٠ یاری ئەنجام داوە، لە ٥٩ یاری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و تەنها لەیەك یاری دۆڕاوە .

لەیاریی کۆتایی ئافرەتانیشدا، کچەیاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز لەتەمەنی ٣١ساڵیدا بووە گەورەترین کچەیاریزان ئەم نازناوە بەدەست دەهەێنێت دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی لەکچەیاریزانی روسی ماریا شاراپۆڤای بردەوە بەئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦*٤، ٦*٤) بوو، سیرینا بۆ جاری دووەمە دەبێتە پاڵەوانی رۆلان گارۆس لە دوای ساڵی ٢٠٠٢ کە بۆجاری یەکەم نازناوەکەی بەدەست هێنابوو.



## یانەی سلێمانی بە ٤٢٠ ملیۆن دینار خۆی بەهێزدەکات

دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان یانەی سلێمانی نەیتوانی ئاستێکی شایستە لە خولەکە پێشکەش بکات و ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنێت، بەم هۆیەشەوە چەندین یاریزانی بەتوانا لە دەوری یانەکە کۆکردۆتەوە بۆئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی شایستە لە وەرزی ئایندە بەدەست بهێنێت، لە ئێستاوە دەستی بە هاوردە کردنی یاریزانی بەتوانا کردووە بۆ ریزی یانەکەی تاکو لە وەزری داهاتوودا ناوێکی پرشنگدارو یانەیەکی بەهێز بێت لەخولەکەدا، هەریەك لە یاریزانان(هەرێم بورهان وئامانج عومەر و یەحیا مەحمود) لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و بورهان عەبدولکەریمی لە یانەی مەسافی شاری بەغدای هێناوەتە ریزی یانەکەی بۆئەوەی بەم یاریزانانەو یاریزانی یانەکە ئەنجامی باش بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە مەلا جەبار ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی سلێمانی بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئەمساڵ دەمانەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە لە خولی عێراق کێشەمان نییە تەنیا لە خولی کوردستانە بۆیە دەمانەوێ ئاستی تیپەکە بە شێوەیەکی گشتی بەرز کەینەوە، لە ئێستاشدا گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان هەرێم بورهان وئامانج عومەر و یەحیا مەحمود لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و بورهان عەبدولکەریم کەپێشتر لە یانەکەمان بووە دواتر رووی

## سێ کچە وەرزشکاری شەترەنجی کورد بەشداری پاڵەوانێتیی ئاسیا ناکەن

بەهۆی نەبوونی توانایەکی باشی دارایی و پشتگیری نەکردنی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەر سێ کچە یاریزان (ڤین و دلین و کارین کەمال )بەشداری لە پاڵەوانێتیی شەترەنجی ئاسیا ناکەن.باوکی یاریزانەکانیش ئاماژەی بەوە کردووە کە نەبوونی توانایی دارایی هۆکارە بۆبەشداری نەکردن لەم پاڵەوانێتییە،دوای ئەوەی یەکێتیی ناوەندیی شەترەنجی عێراق بڕیاری ئەوەی دا کە هەر یاریزانێکی شەترەنج لەسەر حسابی خۆیان بەشداری بکەن لەپاڵەوانێتیی ئاسیا کە بڕیارە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا لە تەهرانی پایتەختی وڵاتی ئێران ئەنجام بدرێت بۆ ئاستەکانی تەمەن، لەم بارەیەوە کەمال جەلالەدین سەرۆکی یەکێتیی شەترەنجی دهۆك بۆگۆڤاری گوڵان وتی)) یەکێتیی ناوەندیی شەترەنجی عێراقی ئێمەی



## فەواز مەندۆ بووە ڕاهێنەری زاخۆ

دوای ئەوەی یانەی زاخۆ لە وەرزی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان نەیتوانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنێ و تاکو لە یاریی کۆتایی خولەکە بەزەحمەت توانی خۆی لە خولی نایاب بهێڵێتەوە، بۆیە لە ئێستادا پلانی دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەهێزکردنی یانەکەو بەدەست هێنانی ئەنجامی باشتر و کێبڕکێ کردنە لەگەڵ یانەکانی دیکە بۆبەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکانی کوردستاندا،بۆیە بە بڕیاری دەستەی کارگێڕیی یانەکە، ئەمجارە پەنایان بۆڕاهێنەرێکی بەڕەگەز سوری برد بۆئەوەی ئاستی یانەکە بەرز بکاتەوە و فەزا مەندۆی یاریدەدەری ڕاهێنەری بەناوبانگی سوری نزار مەحروسیان بە راهێنەری یانەکە دەست نیشان کرد، لەم بارەشەوە عەبدولوەهاب محەمەد عیسا سەرۆکی یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بۆئەوەی ئەم وەرزە بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان و تیپێکی تۆکمەمان هەبێت پەیوەندیمان بە راهێنەری سوری فەوازمحەمەد مەندۆ ڕاهێنەری سوری کرد بۆئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکەمان بکات لە یارییەکانی خولی کوردستان لە وەزری داهاتوودا،ئەویش بە خۆشحاڵییەوە ئەرکی مەشقی یانەکەی لە ئەستۆ گرت ئێمەش متمانەمان بە تواناکانی فەواز هەیە بۆئەوەی بتوانێ ئاستی یانەی زاخۆ لە خولی کوردستان بەرز بکاتەوە، لە بارەی بڕی گرێبەست و مووچەی ناوبراو گوتی گرێبەستەکەی ٣٠ هەزار دۆلارە و مووچەی مانگانەی (١٥٠٠)دۆلارە بۆهەر مانگێك،هەوڵ دەدەین ئەمساڵ پێکهاتەیەکی بەهێز دروست بکەین بۆیانەی زاخۆ و هەوڵ بدەین لەسەر نازناوی خولەکانی کوردستان شەڕ بکەین و نازناو بەدەست بهێنین و جیاواز بین لە ساڵانی ڕابردوو، جێگای ئاماژە پێکردنە فەزاو مەندۆ یاریدەدەری راهێنەری بەناوبانگی سوری نزار مەحروس بووە لەگەڵ چەندین یانەی بەناوبانگ کاری کردووە.

# یانەی هەندرێن پێنج یاریزان پەلكێش دەكات



بەمەبەستی بەهێز كردنی ریزی پێكهاتەی یانەكەی و بەدەست هێنانی ئەنجامی باشتر لە وەرزی نوێی یارییەكانی خولی نایابی یانەكانی كوردستان و ڕكابەری كردن لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانەكانی دیكەی بەشدار لە خولی كوردستان، دەستەی كارگێڕیی یانەی هەندرێن بەردەوام لە هەوڵی بەهێز كردنی ریزی پێكهاتەی یانەكەدایە، بۆیە لەئێستادا پلانی یانەكە هێنانی یاریزانی بەتوانایە بۆیانەكە و بەهێزكردنی پێكهاتەكەیە دوای ئەوەی كە دڵشاد مەعروفیان وەكو ڕاهێنەری یانەكە دەست نیشان كرد ئێستاش بە پەیوەندی كردن توانیویانە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا ڕازی بكەن و لە ئایندەیەكی زۆر نزیك گرێبەستیان لەگەڵدا واژۆ بكەن، لە بارەی مۆركردنی ئەو گرێبەستانەش محەمەد عەزیز ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانەی هەندرێن بۆگۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە بەردەوامین لە بەهێزكردنی ریزی پێكهاتەی یانەكەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامی باشتر لە وەزری ڕابردوو، لە ئێستاشدا گفتو گۆكانمان چڕكردۆتەوە بۆئەوەی گرێبەست لەگەڵ پێنج یاریزان مۆربكەین لە وەرزی نوێ درێسی یانەی هەندرێن بپۆشن، گوتیشی یاریزانەكان ناتوانین ناویان ئاشكرا بكەین، بەڵام كارەكانمان لەگەڵیان بەكۆتایی هاتووە ٢ یاریزان لە یانەی ئاڵا و یەكێك لە یانەی شێروانەو یەكێك لە یانەی پێشكەوتنە و یەكێكیش لە یانەی هەولێر، جگە لەم پێنجە بەنیازین دوو یاریزانی دیكەیش بهێنین لە ئێستادا لەسەر خەتین بۆئەوەی بەزووترین كات گرێبەستەكانمان لەگەڵ ئەوانیش بە كۆتایی بێت و بە نیازی ئەوەین لە داهاتوویەكی زۆر نزیك لە ڕێگای میدیاكان بیان ناسێنین، لەبارەی بڕی گرێبەستەكانیانیان ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ بڕە گرێبەستێك ئاشكرا بكات، تەنیا گوتی لە رۆژانی داهاتوودا لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی تەواوی بڕی گرێبەستەكان ئاشكرا دەكەین، بەڵام ئێمە هەوڵمان بەردەوام دەبێت بۆ هێنانی یاریزانی باش.



لە بەغدا كردووە لەخولی بژاردە یاری كردووە،مۆركردووە،ئێمە جگە لەم یاریزانە گرێبەستی تەواوی یاریزانەكانی دیكەی یانەكەمان نوێ كردۆتەوە كە كۆی ژمارەی یاریزانەكانمان زیاتر لە ٢٦ی یاریزانەو بەرزترین گرێبەستیش لە یانەكەمان دەگاتە ٢٤ ملیۆن دینار، تەواوی ئەو پارەی كە بۆ یاریزانەكان دامانناوە وەكو گرێبەست زیاتر لە ٤٢٠ ملیۆن دینارە، هیچ كێشەو گرفتێكمان نییەو تیپەكە بە شێوەیەكی باش ئامادە دەكەین و دەبینە ناوێكی گەورە لەخولی نایابی كوردستان، ئەگەر لە خولی عێراقیش ماینەوە ئەوكات قسەی خۆمان دەبێت و پلانی باشمان داناوە.

ئاگادار كردەوە كە هەر یاریزانێك دەبێت لەسەر حسابی خۆی بەشداری پاڵەوانێتیی ئاسیا بكات، دوای ئەوەی زانیمان كە پشتگیری نییە بۆئەوەی ئەو توانا مادییە بۆهەرسێ یاریزان دابین بكرێ چونكە بۆهەر پشتگیرییەك دەبێ بچیتە دوای كارەكەی خۆت و بۆچەندین جار و ماوەیەكی زۆری دەوێ پێشتریش ئەو داوایەمان كردبوو هیچمان بەهیچ نەكردبوو بۆیە بڕیاری ئەوەماندا كە بەشداری نەكەین لەم پاڵەوانێتییە، گوتیشی كچەكانی من یاریزانی یانەی گارەن، ئەوانیش هاوكاری ناكەن بەهۆی ئەوەی كە ئەوان وەكو هەڵبژاردە هاوكاردەبن بەڵام وەكو یاریزانی تاك بۆ پاڵەوانێتی ئاسیا هاوكاری ناكەن بەهۆی توانای دارایی .بڕیاری كۆتاییشمان داوە كە بەشدار نابین لەم پاڵەوانێتییە.

